# ڕەهەندیەکان لە ناو ڕەحمی برجوازیەتەوە سەریان دەرهێناوە

... لەکاتێکا ئەوروپاو ئەمریکای لیبرالیستی، پەنا بۆ هەر شتێک دەبەن لە گرفتەکانیان دەربازیان بکات، هەر لەوکاتەدا لیبرالیستە برجوازیەکانی کوردو میدیا بەناو سەربەخۆکانی کوردستان، کە ڕەهەندیەکان پێشڕەویان بوون، مەیدانێکیان بۆ تەراتێنی ئازادانەی ئەو گووتاربێژە لیبرالیستە برجوازیانە دروست کردووە کە ڕیشەی هەموو گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان، دەگێڕنەوە بۆ ئایین لە لایەک و بۆ ناعەقلانیەتی دەسەڵات و تێنەگەیشتنی حوکمڕانەکان لە پرنسیپە ئەخلاقیەکان و لە بایەخی لیبرالیزم لە لایەکی ترەوە، بۆیە تاکە ڕەچەتەی ئەو میدیایانەو نووسەرە برجوازیەکانیان، بۆ سەرکەوتن بەسەر گرفتە کۆمەڵایەتیەکاندا، دەسەڵاتێکی لیبرالیستانە ترە. بەلای بەشێک لەو ڕۆژنامەو سایت و ڕۆشنبیرانەوە، ئەگەر دەسەڵات لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی، وە یان لە باشترین حاڵدا لەسەر بنەمایەکی تەکنۆکراتی دابمەزرێنرێت، ئەوا ئەوکاتە، بە ئاسانی کۆتە کۆمەڵایەتیەکان تێپەڕ دەکرێن و کۆمەڵگا بواری بەردەم گەشەیەکی ئازادانەی بۆ دەرەخسێت و فریشتەی خۆشگوزەرانییش باوەش بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. بۆ ئەوەی گوایە گۆڕانکاری ڕوو بدات، دەبێت ئەخلاق سەروەر بێت. ئەوان دەیانەوێت خەڵکی فێر بکەن بە ئەخلاق بەرەنگاری پەیوەندیە ئابووری و سیاسیەکان ببنەوە، دەیانەوێت وا لە خەڵکی بگەیەنن گوایە هەژاری و بێکاری و قەیرانی نیشتەجێ بوون و گرانی و نزمبوونەوەی هێزی کڕین و هەڵاوسان و قەیرانی ئابووری و سیاسی کۆمەڵگاو توندوتیژی، دەرئەنجامی ناعەقلانیەت و تێنەگەیشتنە لە پرنسیپە ئەخلاقیەکان نەک زادەی سیستمی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە. ئەمانەیش هەر ئەو لیبرالیستە برجوازیانەن کە هەر ئێستا، دەستەوداman لەبەردەم گێژەڵوکەی قەیرانە ئابووریەکانی جیهانی لیبرالیستیدا، زمانیان لاڵ بووەو سەر لەم گێژاوە دەرناکەن، ئەوان لەلایان وابوو فۆکۆیاما ڕاستی پێ گووتن، دەبێت ڕەخنە ئەخلاقیەکان جێگای گۆڕانە مێژوویە گەورەکان بگرنەوە.

هەرچۆن بێت ئەم ڕەخنە ئەخلاقیە لە ئایین و سیاسەت لە پاشەکشەدایە، بەڵکو چیتر نابات دەبێتە جێگای پێکەنین، بەڵکو گاڵتەجاڕی، وە دەردەکەوێت ئەوە هیچ نیە وەهمی ناوسەری ئەو ڕۆشنبیرە برجوازیانە نەبێت کە بە هیچ شێوەیەک نایانەوێت لە مێژووی واقیعیی کۆمەڵگا مەدەنیەکان نزیک ببنەوە، وە یان پاساوی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتین، سیاسەت و ئایدیۆلۆژیایەکی برجوازیانە. دەنا ئەخلاق، یان فەلسەفەی ئەخلاق، لە تەواوی مێژوودا، هیچی نەداوەتەدەست چارەسەرێکی فەلسەفیانەی بابەتە ئەفسانەییەکان نەبێت، وەک چاکەو خراپە، خێرو شەڕ، عەدالەت و تاوان، حەق و باتڵ. فەلسەفەی ئەخلاق، عەدالەت و تاوان دەگێڕێتەوە بۆ زانست و جەهالەت. بەلای ئەو ڕۆشنبیرانەوە، بەتاینەت ڕەهەندیەکان، ئەگەر فەیلەسووفە چاکەکارەکان حوکمڕان بوونایە، ئەوا عەدالەت باڵی ڕەحمەتی بەسەر کۆمەڵگادا دەکێشا. دیارە ئەو چاکەکارانەیش کەس نین ئەو ڕۆشنبیرانە خۆیان نەبێت[i]. بەم مانایە، ئەو ڕۆشنبیرە ئازادانەو میدیاکانیان، هەرگیز ناتوانن دونیایەک ببینن ناکۆکیەکانی لەسەر بنچینەی ئەخلاق - بنچینەی خێرو شەڕ - نەوەستابێت، بۆیە ناشزانن بناغەی عەدالەت و تەرازووەکەیشی، هەر بۆ ئەو دونیایە دانراوە کە مرۆڤێک تیایا زاڵە و مرۆڤێکیش تیایا ملکەچ.

بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ئەفسانەییانەوە، لە چەرخی نوێدا، لە شارستانیەتی سەرمایەداریدا، مرۆڤ بۆ وەڵامی دروستی پرسیارەکانی لەبارەی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەوە، ئیتر هەژاری بێت یان بێکاری، شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو پەیوەندیەکانی سەرمایە و جیهانی سامان و سیاسەت؛ نەک ناکۆکیەکانی نێوان لیبرالیزم و ئایین، یان پەیوەندیە ئەفسانەییەکانی نێوان چاکەکاران و خراپەکاران، یان وەک خۆیان دەڵێن: لیبرالیزم و ستالینیزم.

زۆر لە مێژە مرۆڤ وازی لە ڕەخنەی ئاسمان هێناوەو کەوتۆتە ڕەخنەی زەوی، ئەمە هەروەک چۆن لە مێژە لە ئەفسانەی ئەخلاقەوە تێپەڕی کردووە بۆ ڕەخنەی سیاسەت و لەوە گەیشتووە ناکۆکیەکانی سەر زەوی، چ پەیوەندیەکیان بە ئاسمان و جیهانێکی شاراوەوە نیە، مرۆڤ خۆی نەک ئاسمان، بەرپرسیارە لە ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. بۆیە هەرگیز لە ڕەخنەی ئاسمانەوە ڕەخنەی کۆمەڵگا ناگیرێت، هەرگیز مرۆڤ لە تێڕوانینیدا بۆ ئاینده، ناگەڕێتەوە بۆ ناکۆکیەکانی نێوان لیبرالیزم و ئایین کە هیچ نەبووە ناکۆکیەکانی نێوان برجوازیەت و فیۆدالیزم نەبێت، ئەمە هەروەک چۆن لە ئەفسانەی خێرو شەڕەوە، ناڕوانێتە پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ.

چ دەسەڵاتی سیاسی و چ گەشەی کۆمەڵگا، زادەی ئاستێکن لە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی. بۆیە لە کاتێکا ئەو ڕۆشنبیرە برجوازیانە، تەنانەت ئابووریی کۆمەڵگایش؛ دەخەنە ژێر مایکرۆسکۆبی فەلسەفە ئەخلاقیەکەیانەوەو لەوێیشەوە خۆشەویستی مرۆڤ بە ڕێکخەری بازاڕو سیاسەت دەناسێن و ویژدان و بەزەیی دەخەنە جێگای یاسا ئابووریەکان، هەر لەو کاتەدا، زانستی ئابووری ڕایدەگەیەنێت: هەروەک چۆن ئەخلاق لە سروشتدا نیە، ئا بەو جۆرە لە ئابوورییشدا نیە. یان وەک (ئەندریە کۆنت سپۆنڤیل) ی فەرەنسی دەڵێت:

"ئەخلاق لە ژمێریاریدا نیە، لە فیزیادا نیە، لە کەش و هەوادا نیە، ئیتر بۆچی دەبێت پێ لە ئەخلاق داگرین لە ئابووریدا؟".
کتێبی (هل الراسمالیه اخلاقیه؟، لاپەڕە 67) بە زمانی عەرەبی.
دووبارە دەڵێت: "زانست ئەخلاق نیە، تەکنۆلۆژیایش وەک ئەو. ئیتر چۆن ئابووری کە لە هەمانکاتدا زانستیش و تەکنۆلۆژیایشە، ئەخلاقیانەیە؟" (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 66).

نە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهانداو نە نرخی دۆلار، نە نرخی ئۆتۆمۆبێل لە بازاڕەکانی کوردستاندا و نە نرخی نان، نە داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق لە ئەمریکاوەو نە پەلاماری لیبیا لە ناتۆوە، پەیوەندیەکیان بە بەزەیی و ئەخلاقەوە نیە.
بە پێچەوانەی ڕەهەندیەکانیشەوە، ژمارەیەک لە فەیلەسوفە هاوچەرخەکان، بۆ خۆدەرباز کردن لە سەرئێشەی لێکۆڵینەوە ئابووریەکان، وە یان بۆ پاساودانی سیستمی سەرمایەداری، هەموو جووڵەیەکی جیهان، تەنانەت بە هەرەسی سۆڤێتی جارانیشەوە، دەگێڕنەوە بۆ ئەخلاق. بەلای ئەوانەوە، بەتایبەتکردن و سەرکەوتنی بازاڕی ئازاد بەسەر بازاڕی مۆنۆپۆلی شێوە سۆڤێتیدا، سەرکەوتنی دەسەڵاتێکی ئەخلاقیە، سەرکەوتنی هێزی خێرە بەسەر هێزی شەڕدا. بەڵام زۆری نەخایاند،

قووڵبوونەوەی قەیرانە ئابووریەکانی ئەمریکاو پەلاماردانی عێراق و ئەفغانستان لە ئەمریکاو ئەوروپاوە، ئەو جۆرە فەیلەسوفانەی ناچار کرد بڵێن: بیرکردنەوەی ئەمریکایش بەندە لەسەر پێشینەیەکی چەوت، ئەمریکا وا دەبینێت سەرکەوتن بەدەست نایەت بەبێ بەکارهێنانی هێزی سەربازیی. بەڵام سەرکەوتنی ئەخلاقی، دەبێت شێوەیەک بێت لەو سەرکەوتنەی بەسەر سۆڤیەتدا وەدی هات کە دەرئەنجامی هیچ پەلامارێکی سەربازییانەی ناتۆ نەبوو.

هەر بەم جۆرە، لەگەڵ وەختداو لە غیابی سۆڤیەتدا، ئەو بۆچوونە ئەخلاقیانەیش بەرەو کاڵ بوونەوە دەچن و هێزی خۆیان لەبەردەم ئەو واقیعە ماتریالیستیەدا وون دەکەن کە ڕۆژ بەڕۆژ ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵگا لیبرالیستەکان، دێننە سەرەوەو نیشانی دەدەن: هۆکارە ماتریالیستیەکانی قەیرانی ئابووری ئەمڕۆی ئەمریکاو جیهانی سەرمایەداری بەگشتی، هەر هەمان هۆکارە ئابووریەکانی هەرەسی سۆڤێتیە لە بازاڕی جیهانیدا. هەروەک چۆن بچووکبوونەوەی دەسەڵاتی بریتانیای مەزن لە جیهاندا، کردەیەکی ئەخلاقی نەبوو، ئابەو جۆرە، هەرەسی سۆڤێتییش پەیوەندیەکی بە ئەخلاقەوە نیە. ئەم جۆرە بۆچوونە ئەخلاقیەیش هیچ نیە، ئەفسانەگەریەکانی ناو سەری فەیلەسوف نەبێت. زۆری تریش ناخایەنێت، لەژێر زەبری داچوونە ئابووریە یەک لە دوای یەکەکانی تری وولاتە هەرە مەدەنی و لیبرالیستەکانی جیهاندا، ئەوە ڕوونتر دەبێتەوە کە نە دارمانی سۆڤیەت و نە هێرشکردنە سەر دوو تاوەرە بازرگانیەکەی ئەمریکاو نە پەلامارە سەربازیەکانی دوێنێ و ئەمڕۆو سبەینێ بریتانیاو سۆڤیەت و ئەمریکا، وە نە پێرۆسترۆیکای گۆرباتشۆف، بەرهەمی ئەخلاق نین، بەڵکو ملکەچی ئابووری و یاسای ڕکابەرین. ئەخلاقیش وەک ڕێکخەری ئابووری کۆمەڵگا، یان ڕێکخەری ژیانی سیاسی، هیچ نیە وەهمێکی ئەفسانەیی گەورە نەبێت، ئەخلاق پەردەپۆشی ئەو پەیوەندیە مرۆڤایەتیانەیە کە لەسەر بنەمایەکی ئابووری دامەزراوە. نە حوکمڕانێتی کردەیەکی ئەخلاقیەو نە ڕێکخستنی بازاڕی ئازاد، نە ئەخلاق یاسای ئاڵوگۆڕی کاڵا - پەیوەندیی نێوان کڕیارو فرۆشیار - دیاریدەکات و نە فاشیزم و لیبرالیزم و ستالینیزم بە ئەخلاق لێکدەدرێنەوە، نە ئەخلاق ئاستی مووچەو نرخی بازاڕەکان ڕێکدەخات، نە زانستیش لە توانایدایە هیچ شتێک لە بازاڕ تێبگات بە پێوەرە ئەخلاقیەکان. بازاڕ جێگای یەکگرتنەوەو بەریەککەوتنی یاسای (خستنەڕوو - داخوازیە)، ئەمەیش ئەو یاسا ئابووریەیە ڕکابەریی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ ڕێکدەخات. نرخی هەموو کاڵایەک لە گۆڕاندایە، لە بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەدایە. نە نزمبوونەوەی نرخ لە هیچ سەردەمێکدا، بەرهەمی کرداری چاکەکاران بووە، نە بەرزبوونەوەیشی دەرئەنجامی خراپەکاری و جەهالەتە. یان وەک سپۆنڤیل دەڵێت:

"هەوڵدان بۆ بە ئەخلاقیکردنی سەرمایەداری، وەک هەوڵدانە بۆ بە ئایینی کردنی بازاڕ" (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 79).

میدیا بەناو سەربەخۆکانی کوردستان و ڕۆشنبیرە لیبرالیستە برجوازیەکانیان، لە سەروویانەوە ڕەهەندیەکان، لە بری تێڕوانینێکی واقیعیانە بۆ مێژوو، تێڕامانی فەلسەفیانەی نەتەوە هەرە کۆنەکانی سەر زەوی، دەکەنە مەرجەکانی ئازادی و ماف. بەم مانایە، ئەوان تا ئێستایش لە ئایدیای ڕووتدا دەژین نەک لە واقیعدا، لە فەلسەفەدا دەژین نەک لە دونیایەکی ماتریالیستیدا، بۆیە هەمیشە دەگەڕێنەوە سەر زەویەک کە (کۆت) و (ئازادی) تیایدا، بە پێوەرێکی ئایینی و ئەخلاقی دەپێورێت.

ئەوان لە فەلسەفەی ئەخلاقدا دەگەڕێن بۆ دەربازکردنی کۆمەڵگا لە کۆت و پێوەندە کۆمەڵایەتیەکان؛ نەک لە خودی واقیع خۆیدا، وە هیچ گرفتێکیشیان لەگەڵ دەسەڵاتدا نیە (گەندەڵی) و (شەفافیەت) نەبێت، ئەمە هەروەک ئەوەی گەندەڵی دیاردەیەکی تایبەت بێت بە سووچێکی ئەم جیهانە کە کوردستانە و شەفافییەتیش دەرمانی ئەو دەردە بێت، ئەمە لە کاتێکا تا ئێستایش شەفافییەت لە هیچ کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگا لیبرالیستەکاندا نەیتوانیوە گەندەڵی لەناو ببات. نە نەخۆشیەکانی کۆمەڵگا بە گەندەڵی لێکدەدرێنەوەو نە دەرمانیش شەفافییەتە.

ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) لە 2011/7/15، لە ژمارەی 11887 دا، بەسوود وەرگرتن لە ڕاپۆرتەکانی یەکێتی ئەوروپا، دەنووسێت: گەندەڵی لە ئەوروپادا، هەموو ساڵێک 172 ملیار دۆلار دەکەوێت لەسەر باجدەرانی ئەو وولاتانە. بۆیە بەلای سەرۆکی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپاوە، دەبێت بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، پلەی یەکەمی پێبدرێت. لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیشدا، باس لە هیچ جێگایەکی ئەوروپا نەکراوە وەک وولاتێکی خاڵی لە گەندەڵی، بەڵکو باس لە پلەبەندی وولاتانی ئەوروپا کراوە لە لیستەی گەندەڵیدا. هەر ئەو ڕاپۆرتانە ئیشارەت بەوە دەدەن کە گەندەڵی ئیداریی لە یۆناندا، ئابووریی ئەو وولاتەی لە هەرەسهێنان نزیک کردۆتەوە. زیادبوونی بەرتیل وەرگرتنیش لە 12 مانگی ئەم دواییەدا، هەر وولاتانی عێراق و کەمبۆدیاو فەلەستین و سەنگال ناگرێتەوەو بەس، بەڵکو لە هەمانکاتدا هەردوو یەکێتی ئەوروپی و وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش دەگرێتەوە کە هەر تەنیا ڕێژەی بەرتیلدان تیایانا دەگاتە 5%.

هەر بەم مانایە، تا ئێستایش تۆوی بیرۆکەی ناکۆکیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کۆمەڵگای سەرمایەداری، لە سەری ڕۆشنبیرە برجوازیەکانی کورددا چەکەرەی نەکردووە. ئەوەی ئەوان بە ئایندەی دەبینن، لەمێژە ڕووبەڕووی ڕەخنەی دامەزرێنەرەکانی بۆتەوە، نەک هەر پرۆلێتاریا، بەڵکو بەشێک لە برجوازیەکان خۆشیان. بەم مانایە، هەر ڕەخنەیەک لە سیستمی ئابووریی ئەوروپی، ڕەخنەیەکی پێشوەختیشە لە ڕۆشنبیرانی کورد بە ڕەهەندی و بە هەموو میدیا بەناو سەربەخۆکانیانەوە کە بە جەستە هاوچەرخی ئێمەن و بە بیرکردنەوە دەگەڕێنەوە بۆ پێنج سەدە لەمەوبەری لیبرالیزم، ئەو ڕۆشنبیرانەی هەرگیز ناتوانن لە ڕیشەی واقیعیی گرفتەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە دەستپێبکەن کە لە پەیوەندیی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە هەرگیز ناتوانن تیپەڕی ئەو ئازادیە بکەن کە هیچ نیە ئازادیی بازرگانی نەبێت، ئازادی موڵکداریێتی تایبەتی، ئازادی پێشبڕکێی پێکەوەنانی سامان و سەرمایە لەسەر حسابی یەکتر.

ڕەخنەی کۆمەڵگای کوردی لەوێوە دەستپێناکات کە گوایە ئاستی گەشەی مەدەنیەت و لیبرالیزم و سیکۆلاریزم لە کوردستاندا لە کوێدایە، بەڵکو لەوێوە دەستپێدەکات کە ئازادی لیبرالیستانە لە خودی مەڵبەندە مێژووییەکەی خۆیدا بە کوێ گەیشتووەو چ نموونەیەکی لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە. ئەی مەگەر هەر مەدەنیەت و لیبرالیزم نیە بێکاری و کەمدەرامەتی قەیرانی نیشتەجی بوون و پیسبوونی ژینگەو جەنگە وێرانکارەکان و ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان و توندوتیژیی کردۆتە نەخۆشیە بێچارەکانی کۆمەڵگای مەدەنی؟

ئا بەم واتایە، دەرباز بوونمان لە کۆتە پێشنیارکراوەکانی کۆنە (ڕەهەندیەکان) و هاوبیرەکانیان، دەربازبوونمان نیە لە هیچ کۆت و پێوەندێکی کۆمەڵایەتی. خۆ گەر بگەڕێینەوە سەر کۆمەڵگا مەدەنیەکان خۆیان، ئەوا ڕوونتر دەبینین جەوهەری شارستانیەتی نوێ، مەدەنیەتی سەرمایەداری، بەسیاسەتکردنی ئابووری و ئیدارەی ئاژاوەی بەرهەمهێنانە، ئیدارەی ڕکابەری، ئیدارەی ناکۆکی، ئیدارەی جەنگ. کەس هەیە بتوانێت تەنها ڕۆژێک لە مێژووی مەدەنیەتدا بدۆزێتەوە بێ جەنگ؟ کەس هەیە مێژووی سەرمایەداری خاڵی ببینێت لە تەنگوچەڵەمە ئابووریە دەوریەکان؟ کەس هەیە بتوانێت مەدەنیەت و لیبرالیزمێکی بێ گەندەڵیمان نیشان بدات لە مێژووی کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا؟

لە سەدەی بیستدا، جیهان تەنها ڕۆژێک بێ جەنگ و ناکۆکی نەبووە، ژمارەی جەنگە وێرانکارەکان 200 جەنگ تێپەڕ دەکات و شەڕی سەر شەقامەکانیش دەگاتە 300، کەسیش نازانێت چەند کەس لەو جەنگانەدا وون بوون و چەندیش لە برسا مردوون. وە هەر لەو سەدەیەداو لە سایەی پێشکەوتنی مەدەنیەت و پیشەسازیدا، برسێتی و هەژاری لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بە ئاستێک دەگات کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەیەکیدا لە دانیمارک لە ساڵی 1994 دا دانی پێدادەنێت و ڕایدەگەیەنێت: لەگەڵ بەکارهێنانی هەموو مێتودێکماندا، برسێتی و هەژاری و بێکاری لە جیهاندا، تا دێت لە زیادبووندایە. ئەو حاڵەتەیش هەڕەشە لە ئاسایشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئێکۆلۆژی هەموو جیهان دەکات. جگە لەمانەیش، کوشندەترین دیاردەی مەدەنیەتی سەرمایەداری، پیسبوونی ئاوو هەواو زەوی و بۆشاییەکانی ئاسمانە کە بەتایبەت لە شەستەکانەوە تا ئێستا، گۆڕانێکی ئێجگار گەورەی لە کەش و هەوای سەر زەویدا دروستکردووە. وە لە کاتێکیشدا دەرئەنجامە ئابووریەکانی قەیرانی ئابووریی جیهانی، گەیشتۆتە ئاستێک کە بە ئاسانی لە ژێر سەقفی هەر ماڵێکدا هەست دەکرێت، لە کاتێکا هەژاری جیهان دەتەنێتەوەو بێکاری دەبێتە چاکترین پیشەی هاوچەرخ، لە کاتێکا ناکۆکیە ناوخۆییەکانی ئابووری سەرمایەداری لە هەموو جێگایەکدا، جیهان ڕووبەڕووی مەترسیەکی گەورەی پێکاکێشان و سوپاکێشی دەکاتەوە، ئا لەو کاتەدا، فەلسەفەی ئەخلاق دێتەوە پێشەوەو هەوڵدەدات بە لێکدانەوەیەکی ئەخلاقی، هەموو دیاردە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، بخاتەوە پشت تەمومژێکی فەلسەفیەوە ....

ئیفلاسی بەردەوامی بانک و کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا و ئەوروپا، دابەزینی پشکی بانکەکان، قەرزی وڵاتە پیشەسازیە هەرە گەورەکانی وەک ئەمریکا، ناکۆکیە کۆمەڵایەتیە بەردەوامەکانی وڵاتە دیموکراسیە هەرە کۆنەکانی وەک یۆنان، فەرنسا، بریتانیا، فڕێدانی هەزاران لاو بۆ ناو ڕیزی سوپای بێکارە لە ئەوروپاو ئەمریکادا، دابەزینی ژیانی ملیۆنان خێزان بۆ ئاستی هێڵی هەژاری، ئەمانە تێکڕا لە میدیا بەناو سەربەخۆکانی کوردستاندا، دەکرێنە جێگای تێڕامانی فەلسەفەی ئەخلاق، ئەو فەلسەفەیەی باشترین چارەسەری بۆ دەردە کۆمەڵایەتیەکان، خۆشەویستی و سۆزداریی ئینسانیە.

ئاه! چەند ئاسانە دیاردە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، بخرێنە ژێر چاودێریی ئەخلاقەوەو هەموو پێکدادانەکانی ئەم جیهانە بەرینە، ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی شەخسی تاک بکرێنەوەو سیستەمی لیبرالیزم و سیکۆلاریزمی لێ بێبەری بکرێت. چەند ئاسانە ئیفلاس، هەژاری، ناکۆکی، جەنگ، پیسبوونی ژینگە بە بڕیارێکی ئەخلاقیی تاکە چاکەکارەکان و خراپەکارەکانەوە ببەسترێنەوە ...

ڕۆشنبیرە برجوازیەکانی کورد، (تاک) ی (کورد) یان کردۆتە تەزبیحێک بە دەستیانەوەو چۆنیان بوێت بەو جۆرە هەڵیدەسووڕێنن، وە لە بری گەڕان بە پەیوەندیە واقیعیەکاندا، واتە بە یاسا ئابووریەکاندا، لە پەیوەندیی جەستەو نەفسدا بۆ وەڵامی پرسیارەکانیان دەگەڕێن، ئەوەیش لە باشترین حاڵدا، دەیانخاتە باوەشی سایکۆلۆژیاوەو هەر لەوێیشەوە دەگەڕێنەوە نێو پرنسیپی کڵێساو ویژدان و بەزەیی و چاکەکاری، دەکەنە پێوەری هەڵسەنگاندنی دیاردەکان، بۆیە بەلای ئەوانەوە، مرۆڤ خۆی سەرپشکە لە بریارەکانیداو جگە لە خۆی و بریاری خۆی هیچی تر جێی باس نیە. ئەمەیش ئەو تێڕوانینە فەلسەفیە کۆنەیە کە وا دەبینێت عەقڵ سەرچاوەی بەهاو پێوەرە ئەخلاقیەکانە، مرۆڤ بە عەقڵ خێرو شەڕو حەق و باتڵ لێک جیادەکاتەوەو پرنسیپە ئەخلاقیەکان دەکاتە بنکەی کۆمەڵگایەکی ئەخلاقی جوان. ئەم تێڕوانینە فەلسەفیەیش هەر سوکرات و ئەفلاتوون ناگرێتەوە لە مێژووی کۆنداو بەس، بەڵکو کانت و نیتشەیش دەگرێتەوە لە مێژووی نوێدا. ئەم بۆچوونەیش جێگایەکی نیە لە واقیعدا خەیاڵ نەبێت، بۆیە هەرگیز نەچۆتە تاقیگەی لێکۆڵینەوە ئابووریەکانەوە نێگەتیڤانە نەبێت. دەنا زۆر ئاسان بوو وەک سپۆنڤیل بڵێن:

"لە وولاتی سەرمایەداریدا؛ قازانج نەک مرۆڤ، لە سەنتەری دامودەزگاکاندایە" (هەمان سەچاوە، لاپەڕە 149).

"پەنا بردن بۆ ویژدانی سەرەک دامودەزگاکان یان هۆشیاریی نیشتمانی ئەوان بۆ لەناوبردنی بێکاری، بە دڵنیاییەوە، لە ڕیزی وەهمە جوانەکان، بەڵکو هەڵخەڵەتێنەرەکان، دادەنرێت" (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 129).

"دامودەزگایەک نیە لە وولاتێکی سەرمایەداریدا، بەرژەوەندی نەتەوە بخاتە سەروو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیەوە" (لاپەڕە 147).

هەر بەم جۆرە، گەر لە واقیعی ژیانەوە بڕوانینە جیهان و مێتودێکی ماتریالیستانە بەکاربهێنین لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا، ئەوا زۆر بەڕوونی دەبینین: نە پێوەرە ئاینییەکان و نە پێوەرە ئەخلاقیەکان، ناکرێنە یاسای پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان، وە یان جێگای یاسا ئەبووریەکان ناگرنەوە. پێوەرە ئاینی و ئەخلاقیەکان لە تاکبینیەوە دەستپێدەکەن نەک لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بۆیە هەرگیز تێڕوانینێکی دروست دەرناچن. زانست، زانستی ئابووری – مێژوویی نەک ئەخلاق، ئەو پێوەرە دروستەمان دەداتە دەست. وە هەڵەیەکی ئێجگار گەورەیش دەکەین ئەگەر وا بزانین ئەخلاق یاسایە. یاسا بەو پێکهاتەو ڕەگەزانە دەگووترێت کە ڕێکخەری دیاردەکان و پەیوەندیەکانی نێوانیانن. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر ئەخلاق تەنانەت لە پەیوەندی دوو کەسیشدا دروست دەرچوو، ئەوە هەرگیز مانای ئەوە نیە دەبێتە یاسا. یاسا ملکەچی بنەمایەکی پتەوی نەگۆڕە لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا. وە هەروەک چۆن ناتوانین هیچ کردەیەکی سروشت یان یاساکانی، ئەخلاقیانە بناسێنین، ئا بەو جۆرە ناشتوانین هیچ کردەیەکی ئابووری یان یاساکانی، ئەخلاقیانە بناسێنین، وە هەر ئەوەیشە ناو دەبرێت بە یاسا ماتریالیستیەکانی مێژوو. کۆمەڵگایش لە هەموو سەردەمێکدا، ملکەچی یاسا ئابووریەکانە نەک پێوەرە ئەخلاقیەکان

کە ئەفسانەی سەردەمە مێژووییە ئێجگار کۆنەکانن و بە میرات ماونەتەوە بۆ کۆمەڵگا نوێکان و برجوازیەکان بەردەوام دەیانژیێننەوە.

خودی فەلسەفەی ئەخلاق خۆی بەرهەمی جەهلە نەک زانست، نەک مەعریفە. بۆیە ئەو میدیاو ڕۆشنبیرە چەواشەکارانەی وا لە هەژاران و بێکاران دەگەیەنن گوایە سیستمێکی سیاسی هەیە ئەخلاق و سیستمێکیش هەیە نائەخلاق، ئەوانە بەم بۆچوونەیان هیچ ناکەن دوورکەوتنەوە نەبێت لە جەوهەری ئەو سیستمی بەرهەمهێنانەی لە هەموو جێگایەک هەر یەکەو هەر سیستمی سەروەرێتی و ملکەچیە، ئیتر لە خۆرهەڵات وەک خۆرئاوا. جیهان هەریەک جیهانە نەک سێ، سیستمەکەیشی هەریەک سیستمە نەک دوو، بنەمای ئەو سیستمەیش چەوساندنەوەی مرۆڤە لەلایەن مرۆڤەوە. لەو سیستمەیشدا، بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی حوکم دەکات.
بۆیە هەرگیز سیستمی تەکنۆکراتەکان کە هەر هەمان مەدەنیەت و لیبرالیزمی سەرمایەداریەو لە کوردستاندا (حیزبی گۆڕان) زیاتر لە هەر لایەنێکی تر ئیدیعای دەکات، بۆ تەنها ڕۆژێکیش، خاڵی نەبووە لە ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان، ئەو ناکۆکییانەی شەڕێکی بەردەوامی دوو چینی کۆمەڵایەتین و یەکێکیان ئامانجی پاراستنی سیستمی چەوساندنەوەو سەروەرێتیەو ئەوی تریشیان هەمیشە لە شەڕدایە لەگەڵ ئەو سیستمەی لەسەر شانی خۆی وەستاوە.

ڕۆشنبیرە برجوازیەکانی کورد، بەتایبەت ڕەهەندیەکان، وە میدیا بەناو سەربەخۆکانیش، بە لایەنگیرییان بۆ لیبرالیزم، بۆ سیستمی سەرمایەداری، لایەنگیری خۆیان بۆ سیستمی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە ڕادەگەیەنن. ئەوان تێکڕا نوێنەری لیبرالیزمی برجوازیین. بۆیە زۆر بە دڵنیاییەوە، لە قووڵتربوونەوەی زیاتری تەنگوچەڵەمەکانی سیستمی سەرمایەداری جیهانیداو لە شەڕی ڕاستەوخۆی هەژاران و بێکارانی جیهاندا دژی ئەم سیستمەی ژیان، هیچ ڕۆڵێکیان بۆ نامێنێتەوە ڕۆڵی پۆلیسی نهێنی نەبێت لە بزووتنەوەی شۆڕشگێریدا، ئەو بزووتنەوەیەی زۆر نابات، سەرلەنوێ، بە دەنگێکی ترسناک، جیهان دادەچڵەکێنێتەوەو هاوار دەکات: سەرمایەداری کۆتایی مێژوو نیە، سۆشیالیزم سەرەتای مێژووە!

ساڵی ٢٠١٤

---

i

ئەو ڕۆشنبیرە برجوازییە لە خۆڕازیبووانە؛ گەیشتوونەتە ئاستێک کە زۆری نەماوە پسووڵەی بەخشین -لە مەسیحیەتدا بە (صكوك الغفران Indulgence) و لە مەزهەبی (خومەینی) دا بە کلیلی بەهەشت ناسراوە- بەسەر خەڵکیدا دابەش بکەن و ئەوان بریار بدەن کێ چاکەو کێ خراپ. ئەوان بە هەمان شێوازی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی دەتوانن خەڵکی لە خەتاکانیان پاک بەکەنەوەو بیانبەخشن. بەلای مەسیحیەکانەوە تاکە یەزدانێک ئەخلاق ڕێکدەخات. بەلای ئەمانەوە ئەخلاقی بەرزی ئەوان خۆیان؛ پێوەری هەموو چاکەو خراپەیەکە. ئەوان خۆیان لە مریەمێکی شوونەکردوو لەدایک بوون و لەکەی ئەم کۆمەڵگایەیان بەرنەکەوتووە، بۆیە تەنها ئەوان بۆیان هەیە مۆری چاکەو خراپە بە خەڵکیەوە بنێن.